# دوورخستنەوە لە شوێنە گشتییەکان

فاضل قەرەداغی

٢٠٠٤/٣/٢٥

سەبارەت بەو ئازادییەی دەبێتە مایەی دوورخستنەوەی بەشێك لە کۆمەڵگە شتێك هەیە پەیوەندیی بە تەرخانکردنی شوێنە گشتییەکان هەیە.

مانگی ئاداری ٢٠٠٤ چەند میوانێکی شوێنەواری عیراقمان هەبوو و بەچەند شوێنێکدا گەڕاندمانن کە سەرچنار یەکێکیان بوو، لەوێدا بینیم کافیتریاو چێشخانەکان بەپاڵ خواردن مەشروبیان هەیە. لەوەش نەدەچوو یەك شوێن هەبێت بۆ کەسانێك حەزیان لەمەشرووب نەبێت، لەم حاڵەتەدا دەبێت ئەوی بەلای مەشرووبدا نەچێت بیر لەوە نەکاتەوە توخنی ئەو شوێنە بکەوێت، خۆ توخنیشی ناکەوێت چونکە جگە لەو تێکەڵکردنەی شوێنی خواردن‌و خواردنەوە کەشوهەوای گشتی سەرچنار بەکەڵکی ئەو نایەت، بۆ هەر لایەك بچی خواردنەوەو خەڵکی سەرخۆشە.

ئەمە واتە دوورخستنەوەی بەشێکی کۆمەڵگە لەشوێنێکی گشتی ئەنجامێکی سروشتییە بەو ئازادییەی بەبەشێکی تری کۆمەڵگەکە دەدرێت، شتێکی زیادەش نابێت گەر بڵێم لەوێدا ئەو ڕاستییەم لا تەئکید بوو کە پێش ئەوە دەیان جار لام تەئکید ببوو و گومانم لێی نەبوو ئەویش کە پێویستە مرۆڤ بە بانگەشەی ئازادی نەخەڵەتێت چونکە ئەوەی لە دەسەڵاتدایە ئەو بەرنامەیە جێبەجێ دەکات کە باوەڕی پێیەتی، من چاوەڕێ ناکەم لەحکومەتی کوردستانی عیراق مەشروب قەدەغە بکات چونکە دەزانم قەدەغەی ناکات نەك لەبەرئەوەی باوەڕی بە ئازادییە بەڵکو لەبەرئەوەی بەرپرسەکانی ئەو حکومەتە لەسەر تا خوار حەزیان لەمەشرووبەو قسەیەکی بێ مانایە پێیان بوترێ قەدەغەی بکەن، منیش بەم پێیە لەسەرم پێویستە هەوڵبدەم بەرنامەی خۆم جێبەجێ بکەم نەك بەوە بخەڵەتێم گوایە کێ حەزی لەمەشرووبە بابیخواتەوەو ئەوەی حەزی لێ نییە بۆی هەیە نەچێتە ئەو شوێنانەی تێیدا دەخورێتەوە، حکومەت واز لەبەرنامەی خۆی ناهێنێت ئیتر بۆچی من واز لەبەرنامەی خۆم بهێنم؟

بێگومان ئەوە مانای نییە هەوڵ بدەم بۆ دوورخستنەوەی ئەوانەی وەکو من بیر ناکەنەوە چونکە لەم نموونەیەی ئێستاماندا من ڕێگە لەو کەسانە ناگرم بێنە ناو شوێنە گشتییەکان بەڵکو تەنها ڕێگەی کردارێکی دیاریکراویان لێ دەگرم، ئەگەر ئەو کەسانەش بۆیان نەکرێت مەشرووب بخۆنەوە ئەوەیان بۆ دەکرێت ببێنە ناو ئەو شوێنە گشتییە، من ئازادیی یەك شتیان دەبەستمەوە بەڵام ئەوان بەتەوای دوورم دەخەنەوە. وەکو وتیشم هەرکەسێك هەوڵ دەدات بەرنامەی خۆی بخاتە کار ئیتر بۆچی ڕێگەی بەرنامەی خۆشت لێ تێك بچێت‌و بەدەعوای ئەوان بخەڵەتێی؟